# ڕێبەریی گۆڤاری توێژەر

بۆ نووسینی
توێژینەوە لە گۆڤاری توێژەر

سەرۆکایەتیی زانکۆی سۆران
گۆڤاری توێژەر

٢٠٢٢ - ٢٠٢٣

## ناوەڕۆک



| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ناوەڕۆک | ١ |
| ١. ناساندنێک بۆ گۆڤاری توێژەر | ٢ |
| ٢. کۆمەڵێک تێبینی گشتی سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤاری توێژەر | ٢–٧ |
| ٣. پێکهاتەی توێژینەوە لە گۆڤاری توێژەر | ٧–٩ |
| ٤. ئاماژەدان بە سەرچاوە لە لیستی سەرچاوەکان و ناو تێکست | ٩–٢١ |
| ٥. پاشکۆکان | ٢١ |


## ١. ناساندنێک بۆ گۆڤاری توێژەر:

مه گۆڤاره گۆڤارێکی ئەکادیمییە و توێژینەوەی ڕەسەن و ئاست بەرز لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان ، لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێم بڵاودەکاتەوە، بە مەرجی پێشتر لە هیچ گۆڤارێک بڵاونەکرابێتەوە یان ڕەتنەکرابێتەوە. لە لایەن پسپۆری شارەزاوە هەڵسەنگاندن بۆ توێژینەوەکان دەکرێت. گۆڤاری توێژەر، توێژینەوە بە هەموو زمانە زیندووەکان بڵاودەکاتەوە.


## ٢. کۆمەڵێک تێبینی گشتی سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤاری توێژەر:

<u>یەکەم:</u> پێویستە ئەو کاغەزەی توێژینەوەکەی لەسەر دەنووسرێت قەبارەی کاغەزەکە A4 بێت هەرچی ڕێکخستنی لاپەڕەکانیشە پێویستە لە هەر چوارلای لاپەڕەکە بۆشایی پێویست (Margin) بەجێبهێڵدرێت. بۆشایی چوار لای لاپەڕە وەک لە وێنەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە، بۆ زمانی کوردی و عەرەبی لە سەرەوە و خوارەوە و چەپی لاپەڕەکە بۆشاییەکە 2.5 cm بێت و لای ڕاست R Right: 3cm دەبێت. بەڵام بۆ زمانی ئینگلیزیL Left: 3cm دەبێت و لایەکانی دیکە 2.5 cm دەبێت.








بەهەمان شێوەش دەبێت هەردوو تایبەتمەندی (Insert—page break) و(Insert—section break ) سوودیان لێوەربگیرێت.




دووەم: بۆ دانانی ژمارەی لاپەڕەکانی توێژینەوەکە ژمارەکە دەبێت لە ناوەڕاستی بەشی خوارەوەی لاپەڕەکەدا بێت.

سێیەم: بۆ نووسین و کلێشەی پەرەگرافەکان پێویستە (١) ڕێکخستنی دێرەکانی پەرەگراف بە شێوەی 'Justified' بێت، (٢) بۆشایی دەستپێکی پەرەگراف 0.6c، بۆشایی پێش پەرەگراف 0Pt، بۆشایی دوای پەرەگراف 4 Pt و (٤) دووریی نێوان دێرەکان 1.5 Lines دەبێت، وەک لەم وێنەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.




چوارەم: سەبارەت بە ڕەنگ، جۆر و قەبارەی فۆنتی توێژینەوە پێویستە بەم شێوەی خوارەوە بێت:

١. تایبەت بە ڕەنگی تایتڵ، سەر باسەکان و ناواخنی نووسین پێویستە ڕەنگی **ڕەش** بەکاربهێنرێت.

٢. سەبارەت بە جۆر و قەبارەی فۆنتی توێژینەوە: پێویستە بەم شێوەی خوارەوە بێت:

**<u>یەکەم</u>: بۆ زمانی کوردی**

فۆنتی گونجاو بۆ نووسینی توێژینەوە بە زمانی کوردی، فۆنتی یونیکود گۆران(Unikurd Goran) ە و پێویستە هەموو ناواخنی(Body) توێژینەوەکەی پێ بنووسرێت، بە مەرجی لار (Italic) نەبێت، تێکەڵ(Script) نەبێت، هێڵی بەژێردا نەهاتبێت(Underline).

لەکاتی خواستنی پەرەگرافێک یان تێکستێک بە زمانێکی تر شێوازی لار(Italic) بەکاربهێندرێت یان لە کاتی دیاریکردنی بەشێک لە ڕستە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری نموونەکان، ئەو بەشەی کە مەبەستە هێڵی بەژێردابهێندرێت(Underline).

قەبارەی فۆنتەکان پێویستە بەم جۆرە بێت:

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە(بەرگ): | قەبارە ٢٠، **توخ** (20 Point, Bold) |
| ناوی توێژەر(بەرگ): | قەبارە ١٦ (16 Point) |
| ناونیشانی بەش و تەوەرەکان: | قەبارە ١٦، **توخ** (16 Point, Bold) |
| ناونیشانە لاوەکییەکان: | قەبارە ١٤، **توخ** (14 Point, Bold) |
| دەق: | قەبارە ١٤ (14 Point) |
| پەراوێز: | قەبارە ١٢ (12 Point) |

**<u>دووەم</u>: بۆ زمانی ئینگلیزی**

بۆ زمانی ئینگلیزی، فۆنتی گونجاو بۆ نووسینی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی فۆنتی (Times New Roman)ە، پێویستە هەموو ناواخنی(Body) توێژینەوەکەی پێ بنووسرێت، بە مەرجی لار (Italic) نەبێت، تێکەڵ (Script) نەبێت، هێڵی بەژێردا نەهاتبێت (Underline).


لەکاتی خواستنی پەرەگرافێک یان تێکستێک بە زمانێکی تر شێوازی لار(Italic) بەکاربهێندرێت یان لە کاتی دیاریکردنی بەشێک لە ڕستە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری نموونەکان، ئەو بەشەی کە مەبەستە هێڵی بەژێردا بهێندرێت (Underline). قەبارەی فۆنتەکان پێویستە بەم جۆرە بێت:

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە(بەرگ): | قەبارە ٢٠، **توخ** (20 Point, Bold) |

پیتی یەکەمی گشت وشەکانی ناونیشان جگە لە ئامرازە بەندەکان بە گەورە دەنوسرێت و پیتەکانی تر بە بچووک، وەک ئەم ناونیشانەی خوارەوە:

A Corpus-Based Study of Linguistic Errors in Non-Native Academic Works at Public Universities in Kurdistan Region of Iraq

ئەمەش بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت:



ناوی توێژەر(بەرگ): قەبارە ١٦(16 Point)

ناونیشانی بەش و تەوەرەکان: قەبارە ١٦، **تۆخ** (16 Point, Bold)

ناونیشانە لاوەکییەکان: قەبارە ١٤، **تۆخ** (14 Point, Bold)

دەق: قەبارە١٢ (12 Point)

پەراوێز: قەبارە ١٠ (10 Point)

**سێیەم: بۆ زمانی عەرەبی**

فۆنتی گونجاو بۆ نووسینی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی فۆنتی(Times New Roman) یان ( Arabic Typesetting)، کە ئەم دوو فۆنتە لە هەموو سیستەمێکی ئۆفیسدا هەیە. پێویستە هەموو ناواخنی (Body)توێژینەوەکەی پێ بنووسرێت، بە مەرجێ لار (Italic) نەبێت، تێکەڵ (Script) نەبێت، هێڵی بەژێردا نەهاتبێت(Underline).

لەکاتی خواستنی پەرەگرافێک یان دەقێک بە زمانێکی تر شێوازی لار(Italic) بەکاربهێندرێت یان لە کاتی دیاریکردنی بەشێک لە ڕستە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری نموونەکان، ئەو بەشەی کە مەبەستە هێڵی بەژێردابهێندرێت(Underline).

قەبارەی فۆنتەکان پێویستە بەم جۆرە بێت:

ناونیشانی توێژینەوە(بەرگ): قەبارە ٢٠، **تۆخ** (20 Point, Bold)

ناوی توێژینەوە(بەرگ): قەبارە ١٦ (16 Point)

ناونیشانی بەش و تەوەرەکان: قەبارە ١٦، **تۆخ** (16 Point, Bold)

ناونیشانە لاوەکییەکان: قەبارە١٤(14 Point, Bold)

دەق: قەبارە١٤ (14 Point)

پەراوێز: قەبارە ١٢ (12 Point)

**پێنجەم:** سەبارەت بە ستراکچەری توێژینەوە، وەک دیارە ستراکچەری توێژینەوەی لە زانکۆی سۆران پێویستە بە شێوازێکی جیهانی، سەردەمییانە و دیجیتاڵی بێت. ئەم شێوازە شێوازێکی باوی جیهانییە و نەرم و نیانە و ئاسانکاریی زۆر بۆ توێژەر فەراهەم دەکات. لەم شێوازەدا نابێت هیچ سەرباس و سەربابەتێک بێ کۆد بێت. کۆدەکانیش هەر لە پێشەکیی توێژینەوەکە دەستپێدەکات تا کۆتاییەکەی.

**شەشەم:** لە زانکۆی سۆران بەرنامەی (**Ithenticate Plagiarism Checker**) بەکاردێت بۆ چێککردنی ڕێژەی پلەیجەریزمی توێژینەوەی دەرچوون.

**تێبینی**// ڕێژەی پلەیجەریزم (**Plagiarism**) بۆ توێژینەوە لە ١٥% دەبێت. ئەم ڕێژەیەش تەنها بۆ وەرگرتنی کۆتەیشنە، واتە کاتێک توێژەر دەقێک وەک خۆی (Copy & paste) وەردەگرێت و ئاماژە بە سەرچاوە دەکات. هەروەها بۆ ئەو توێژینەوانەی کە شیکردنەوە یاخود کار لەسەر دەقەکانی وەک ڕۆمان، هۆنراوە، چیرۆک و...هتد دەکەن، لە بەشی گفتووگۆ و شیکاری داتاکان و ئەنجامگیری توێژینەوە بەشێوەی کۆتەیشن ئاماژە بە دەقێک لە ناو ڕۆمان، هۆندراوە، چیرۆک...هتد دەکەن و شیکردنەوەیان بۆ دەکەن، ئەوا ڕێگەیان پێدەدرێت کە ڕێژەیەکی زیاتر کۆتەیش وەربگرن، ئەم ڕێژەیەش(١٠٪)یە، تەنها لە بەشی گفتووگۆ و شیکاری داتاکان و ئەنجامگیری توێژینەوە ڕێگە پێدراوە.

حەوتەم: پێویستە ئەو نووسینەی کە دەقاودەق وەریدەگری (Copy&Paste)، بیخەیتە ناو دوو کۆتەیشنەوە " " هەروەها پێش یاخود دوای دانانی کۆتەکە پێویستە ئاماژە بە سەرچاوەکە بدرێت بەم شێوەیە: بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی (ناوی تەواوی نووسەر، ساڵ: لاپەڕە ئەگەر هەبوو) بەڵام بۆ زمانی ئینگلیزی (پاشناو، ساڵ: لاپەڕە).

پێویستە توێژەر ئاگاداری ڕێسا و مەرجی وەرگرتنی دەقاودەق (Copy&Paste) بێت، بەو شێوەی خوارەوە:

١. ڕەچاوکردنی کورتی لە وەرگرتندا، باشتروایە لە (٤٠) چل وشە زیاتر نەبێت، ئەگەر لە (٤٠) چل وشە کەمتر بوو ئەوا لەم بارەدا دەقی وەرگیراو تێکەڵ بە دەقی توێژینەوەکە دەبێت. لەگەڵ ئەمەش دەقە وەرگیراوەکە دەخرێتە ناو کۆتەیشن "   "ەوە.

٢. لەبارێکدا کە دەقی وەرگیراو لە (٤٠) چل وشە زیاتر بوو ئەوا لە دەق جیادەکرێتەوە و لە یەکەم دێڕ دەست پێدەکەین و دەبێت لە پەراوێزی لای ڕاست و چەپی لاپەڕەکە دوور بێت، هەروەها پێویستە دەقە وەرگیراوەکان لە فۆنتی نووسینەکە جیاوازبێت، یان هێڵەکانی نێوانیان لە یەکتر نزیک بن.

نمونە:

دەکرێ ئەو دابەشکرانەی کار، کە ڤێبەر سەبارەت بە کۆمەڵگەی مۆدێرن باسی دەکا، وەک جۆرە پێشنیازێک بخوێنرێتەوە. دیارە ئەوەی کە وایکردووە سیستەمی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەرهەمداربن، بەشێکی پەیوەندی بەو تیۆرییەی ڤێبەرەوە هەیە کە تایبەتە بە سیستەمێکی بیرۆکراتیی. هەروەک ئیحسان معەمەد ئەلحەسەن (٢٠٠٥: ٩٥) وای دەبینێت کە:

> "ماکس ڤێبەر بە شێوەیەکی زانستیی شیکاری لە دیاردەی بیرۆکراسی کۆڵیتەوە. ئەم دیاردەیەی بە هۆکاری سەرکەوتنی ڕێکخراوە بەرهەمداری و بازرگانی و خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازی هەژمارکرووە، کە پشت بە سیستەمی کار دابەشکردن و پسپۆری دەبەستێت. لە ڕێگەی سیستەمی بیرۆکراسییەوە سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەسەرجەم شێوەکانیەوە بە ستوونی و ئاسۆییەوە، فەرمی و نا فەرمیەوە دیاری دەکرێت. ئەو پەویوەندییانە کە خاوەن وەزیفەکان ڕێکخراوە بەرهەمداری و خزمەتگوزارییەکاندا، لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا پێی هەڵدەستن".

٣. لەو حاڵەتەی کە وشەیەک یان چەند وشەیەک یان چەند ڕستەیەک لە دەقی وەرگیراو دەسڕیتەوە ئەوا لە جێگایدا سێ خاڵ دادەندرێت... بۆ ئەوەی ببێتە نیشانەی ئەوەی کە سڕینەوە هەیە. لە حاڵەتی بوونی کۆما، پێش یان دوای دەقی وەرگیراو دەبێت ئەویش دابنرێت. بەڵام ئەگەر دەقە سڕاوەکە دوای ڕستە یان برگەکە بێت ئەوا چوار خاڵ دادەنێت.... کە خاڵی چوارەم مەبەست لێی کۆتایی ڕستەیە.

٤. لە حاڵەتی زیادکردنی وشەیەک،ڕستەیەک یان ژمارەیەک ئەوا زیادکراوەکە دەخەینە نێو دوو کەوانە { } بۆ ئەوەی بزانرێت ئەوەی نێو دوو کەوانە بەشێک نیە لە دەقەڕەسەنەکە.

٥. لە حاڵەتی بوونی هەڵەیەکی تایپ لە دەقە وەرگیراوەکە ڕاست ناکرێتەوە، بەڵام لە پەراوێز ئاماژەی بۆ دەکرێت.

هەڵەیە: پێویستە توێژەر ئاگاداربێت لە پارافریزکردنی دەقەکان، چونکە زۆر جار دەقەکە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی لەدەست دەدا.

مەبەست لە پەرافریزکردن: دەربڕینی مانای دەقێکە لە سەرچاوەیەکی ڕەسەن و گواستنەوەیەتی بۆ نێو ئەو پەڕەی کە کاری تیا دەکەی بەبەکارهێنانی وشەی جیاواز لە دەقەڕەسەنەکە، بەتایبەتی بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری دەقە ڕەسەنەکە، لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە ئاماژە بە سەرچاوەی ڕەسەن بدرێت.

تێبینی: پێویستە توێژەر لە کاتی ڕوونکردنەوەی بابەتێک و نووسینی پەراوێز (Insert Endnote) بەکاربهێنێت. (Insert Endnote) تەنها بۆ ڕوونکردنەوە بەکاردێت نەوەک بۆ نووسینی سەرچاوە.

## ٣. پێکهاتەی توێژینەوە لە گۆڤاری توێژەر:

بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤاری توێژەر، توێژەران پێویستە ڕەچاوی ئەو پێکهاتەی خوارە بکەن:

### ١. پوختە (Abstract):

لە توێژینەوەکەدا پێویستە پوختە بنووسرێت، هەروەها پێویستە پوختە بە زمانی توێژینەوەکە بێت و لە ١٥٠ تاکو ٢٠٠ وشە زیاتر نەبێت و نابێت پەراوێز یان سەرچاوەگرتنی تێدا بێت و لە یەک لاپەڕە بنووسرێت. لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە پوختە بە شێوەی پەرەگراف بنووسرێت ئەمانەی خوارەوەی لەخۆگرتبێت.

١. **باکگراوندێک، تیۆری بەکارهاتوو و ئامانجەکانی توێژینەوەکە:** لێرە توێژەر بەشێوەیەکی کورت و پوخت ناساندنێک بۆ کێشەکەی، پاشخانێک و تیۆری بەکارهاتوو، لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە باس دەکات.
٢. **میتۆدی توێژینەوەکە:** توێژەر لێرە باسی دیزاین، جۆری میتۆد، چۆنیەتیی کۆکردنەوەی داتا و چۆنیەتیی شیکردنەوەی داتای توێژینەوەکە دەکات.
٣. **ئەنجامگیری بەدەستهاتووی توێژینەوەکە:** لێرە توێژەر باسی ئەنجامە سەرەکییە بەدەستهاتووەکانی دەکات بە شێوەیەکی کورت و پوخت.
٤. **سەرئەنجامی توێژینەوەکە:** ئەمە دەرەنجامە سەرەکییەکان وەک جەختکردنەوە لەسەر لایەنە نوێ، گرنگەکان و کاریگەرییەکانی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت.

تێبینی// لە دوای نووسینی پوختەی توێژینەوە، پێویستە توێژەر ٣ تاکو ٥ وشە کلیلە (Keywords)بنووسێت.

### ٢. پێشەکی یاخود بەرایی توێژینەوە (Intrduction)

دەشێت ئەو پێکهاتەی خوارەوە لە خۆ بگرێت وەک:

١. پێشەکی
٢. کێشەی توێژینەوەکە
٣. ئامانجەکانی توێژینەوەکە
٤. پرسیارەکانی توێژینەوەکە
٥. گریمانەی توێژینەوەکە(ئەگەر هەبوو یاخود پێویست بوو)
٦. گرنگیی توێژینەوەکە

### ٣. پێداچوونەوە بە دەق و توێژینەوەکان و کارەکانی پێشوو (Literature Review)

لەم بەشەدا، توێژەر شیکاریی توێژینەوەکان، دەقەکان، سەرچاوەکان...هتد دەکات، بۆ ئەوەی تێبگات و بزانێت سەرچاوەکان لەسەر ئەو بابەتەی کە توێژەر هەڵیبژاردووە بۆ توێژینەوە لەسەرکردن چی دەڵێن؟ لەم بەشە توێژەر دەتوانێت لە چەند تەوەرەیەکدا باسەکەی بخاتەڕوو وەک:

تەوەرەی یەکەم: پاشخانێکی مێژوویی لەبارەی بابەتەکە کە دەشێت ئەمە لە چەند تەوەرەیەک پێکهاتبێت.

تەوەرەی دووەم: چوارچێوە و شیکردنەوەی چەمکەکانی توێژینەوە.

تەوەرەی سێیەم: پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەیی بە توێژینەوەکانی پێشوو.

یاخود چەند تەوەرەیەکی تر کە توێژەر پێی گونجاوە و خزمەتی ئەو بەشەی دەکات.

### ٤. مێتۆدۆلۆژیا و تیۆری بەکارهاتووی توێژینەوە (Research Methodology)

دەکرێت ئەم بەشانە لەخۆبگرێت وەک:

تەوەرەی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری بەکارهاتووی توێژینەوەکە.

تەوەرەی دووەم: دەشێت ئەمانە لەخۆبگرێت وەک:

یەکەم: میتۆدی بەکارهاتوو

دووەم: کۆکردنەوەی داتا

سێیەم: شیکردنەوەی داتا

چوارەم: ئیتیکی توێژینەوە

### ٥. گفتوگۆ و شیکاری داتاکان و ئەنجامگیریی توێژینەوە ( Results and Discussion of the Research)

توێژەر لەم بەشە لەسەر بنەمای ئەو پرسیار و ئامانجانەی کە هەیبوون بە شێوەیەکی لۆژیکی و دەکرێت لە چەند تەوەرەیەک ئەنجامەکانی بخاتە ڕوو. ئینجا ئەو ئەنجامانە ڕەنگە بە شێوەی خشتە، وێنە، تێکست...هتد بێت، ئەمە دەگۆڕێت بە گوێرەی میتۆدی بەکارهاتوو لە کۆکردنەوەی داتا. دواتر توێژەر بە شێوەیەکی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لەسەر بنەمای ئەوەی ئەنجامەکان چی بوون؟ بە دووبارە خستنەڕووی ئامانجەکانی توێژینەوەکەی، ئەو ئەنجامانەی کە دەستی خستوو، و دەق و توێژینەوەکانی پێشوو و ئەو تیۆرەی کە بەکاریهێناوە بۆ توێژینەوەکەی لەگەڵ بیروڕای خۆی بە شێوەیەکی لۆژیکی لەو بەشەدا گفتوگۆی لەسەر دەکات و دەنووسێت.

### ٦. سەرئەنجام و پێشنیاز و بەربەستەکانی توێژینەوە (Conclusions, Recommendations and Limitations of the Research)

**یەکەم:** سەرئەنجامی توێژینەوە (Conclusions of the Research)

لەم بەشەدا بە بیرخوێنەر دەهێندرێتەوە کە بابەتەکە چی بوو؟ دواتر لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی کە بەدەستهاتوون لێکدانەوەی و تێگەیشتنی نوێ دەخرێتەڕوو. توێژەر پێویستە دەرەئەنجامێکی کاریگەر و ڕاستەقینە بنووسێت، وا لە خوێنەر بکات کە لەوە تێبگات، کە ئەنجام مانای چییە و ئەو بیرۆکە سەرەکییانە چین، کە دەتوانرێت لە توێژینەوەکەی وەریانبگیرێت؟ هەروەها پێویستە توێژەر دەرئەنجامەکانی بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە ببەستێتەوە.

**دووەم:** پێشنیازەکانی توێژینەوە(Recommendations of the Research)

بە هەمان شێوە، پێشنیازەکان دەبێ لەسەر بنەمای ئەنجامدانی توێژینەوەکە و لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا سەرچاوە بگرن. لەگەڵ ئەمەشدا توێژەر پێشنیازی ئەوەش بۆ توێژەرانی تر بکات بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەی تر بۆ گەڕان بەدوای ئەو پرسیارانەی کە توێژینەوەکەی خۆی بەدواییاندا نەگەڕاوە یاخود ئەو پرسیارانەی کە لەلای ئەو وەڵام نەدراونەتەوە و پێویستییان بە توێژینەوەیە. دەشێت هەر پێشنیازێکی تر لە چوارچێوەی توێژینەوەکەی بخاتەڕوو، کە توێژەر بە پێویستی دەزانێت.

**سێیەم: بەربەستەکانی توێژینەوە (Limitations of the Research)**

توێژەر لێرەدا دەتوانێت ئەو بەربەستانە بخاتە بەر باس کە لە ماوەی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی دا هاتۆتە بەردەمی، وەک لە ڕووی سەرچاوە، میتۆدی بەکارهاتوو و نموونەی توێژینەوە...هتد.

## ٤. ئاماژەدان بە سەرچاوە لە لیستی سەرچاوەکان و ناو تێکست

### یەکەم: لیستی سەرچاوەکان:

لێرەدا توێژەر لیستی سەرجەم سەرچاوەکانی کە بەکاریهێناون بە شێوەیەکی سیستماتیک ڕیز دەکات، پێویستە لیستی سەرچاوەکان بە شێوەی ئەلفوبێ (ئـ- ی) یان (A-Z) بێت. بە گوێرەی زمانەکان هەمیشە زمانی کوردی لە پێشەوە دەبێت دواتر زمانی عەرەبی لە دوای ئەمیش زمانی ئینگلیزی.

**سەرچاوەگرتن Citation and Referencing**

سەرچاوەگرتن کرۆکی دەستپاکی و ئەستۆپاکێی ئەکادیمییە. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە هەر زانیارییەک لەوانی دیکەوە وەربگیرێت و سوودی لە توێژینەوە و کار و پرۆژە ئەکادیمییەکاندا لێوەربگیرێت، پێویستە ئاماژە بە سەرچاوەکانیان بکرێت. ئامانجێکی دیکەی سەرچاوەگرتن دوورکەوتنەوە و خۆپارێزییە لە پلەیجەریزم و گزیکاری، چونکە تاکە میکانیزمی دوورکەوتنەوە لەم هەڵە کوشندەیەی توێژەران سەرچاوەگرتن و ئاماژەدانە بە سەرچاوەی ئەو زانیاریانەی کە هی خودی توێژەر نین. ئامانجێکی دیکەی سەرچاوەگرتن بریتییە لە هەڵنەگرتنی بەرپرسیارێتیی بۆچوونە" هەڵەکان "یانیش زانیارییە" نادروستەکان"، یانیش هەر بۆچوون و زانیارییەک کە هی خودی توێژەرەکە نەبێت و ڕەخنەهەڵگر بێت، ئەوا توێژەرەکە بەرپرسیارێتیی نادروستیی زانیارییەکان، یانیش ڕەخنەکان ناگرێتە ئەستۆ.

زانکۆی سۆران بۆ سەرچاوەگرتن سوود لە سیستەمی هارڤارد وەردەگرێت، پێویستە لە هەموو توێژینەوە و پەیپەرەکان و ڕیڤیوئارتیکڵ و ئارتیکڵ ڕیڤیوەکان، لە هەموو قۆناغە جیاوازەکاندا، ڕەچاو بکرێت.

**یەکەم: لە لیستی سەرچاوەکان: پەرتووک، توێژینەوەی ماستەر، تێزی دکتۆرا، گۆڤارەکان... هتد بەتێکەڵاوی دەنووسرێت، تەنها لەسەر جیاوازی ئاستی زمان لێکجیادەکرێنەوە.**

**دووەم: پێویستە لیستی سەرچاوەکان بە زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی بەشێوەی ئەلفوبێ واتا ئـ تاکو ی (ئـ – ی)، بۆ ئینگلیزی ئەی تاکو زێت (Z-A) بێت، بەڵام ڕێکخستنەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:**

١. <u>پەرتووک</u>:

**<u>یەکەم: بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:</u>**

**ناوی تەواوی نوسەر یاخود نازناو (ساڵی بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکە) *ناونیشانی پەرتووک (بەلاری)*. ژمارەی چاپ، شوێنی بڵاوکردنەوە، ناوی دەزگای بڵاوکردنەوە.**

<u>نموونە</u>: فواد سدیق (٢٠٠٦) *گەردەلولی سیاسەت*. چاپی یەکەم، هەولێر، بەڕێوەبەریەتیی چاپخانەی ڕۆشنبیری.

**<u>دووەم: بۆ زمانی ئینگلیزی پێویستە بەم شێوەی خوارەوە بێت:</u>**

**پاشناو، ناوی یەکەمی نوسەر (ساڵی بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکە) *ناونیشانی پەرتووک (بەلاری)*. ژمارەی چاپ، شوێنی بڵاوکردنەوە، ناوی دەزگای بڵاوکردنەوە.**

**Example**: Mehra, Anurag (2009) *Advertising Management: Media Approach for Market Research.* 2nd ed, New Delhi, Global India Publications.

***ئەگەر*** **دوو** یاخود **سێ** نووسەریش بوو بە هەمان شێوە دەنووسرێت، وەک ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە، بەڵام ئەگەر لە سێ نووسەر زیاتر بوو تەنها ناوی نووسەری یەکەم بنووسرێت دواتر بنووسرێت هاوکارانی واتە:

بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی بەم شێوەیە دەنووسرێت: **ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەری یەکەم و هاوکارانی (ساڵی بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکە) *ناونیشانی پەرتووک (بەلاری).* ژمارەی چاپ، شوێنی بڵاوکردنەوە، ناوی دەزگای بڵاوکردنەوە.**

بەڵام بۆ زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیە دەنووسرێت: **پاشناوی نووسەری یەکەم، ناوی یەکەمی نوسەر یەکەم، هاوکارانی (ساڵی بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکە) *ناونیشانی پەرتووک (بەلاری).* ژمارەی چاپ، شوێنی بڵاوکردنەوە، ناوی دەزگای بڵاوکردنەوە.**

**٢.** بەشێک لە پەرتووکێک:

**یەکەم: بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

**ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەری بەشەکە (ساڵی بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکە) ناونیشانی بەشەکە. ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەری پێداچووەوە/ پێداچوەوانی پەرتووکەکە.(ئید، ئیدس). *ناونیشانی پەرتووک(بەلاری).* ژمارەی چاپ، شوێنی بڵاوکردنەوە، ناوی دەزگای بڵاوکردنەوە، لاپەڕەکان.**

**نمونە:** لوقمان سلێمان مەحمود (٢٠١٧) کولتووری ئێزیدیەکان. ساشا تۆپێریچ، تیا ئیڤانۆڤیچ و نەهرۆ زاگرۆس.(ئیدس). *کوردستانی عێراق: ڕێگایەک بۆ پێشەوە.* واشنتۆن، دی سی: ناوەندی پەیوەندیەکانی ترانس ئەتلانتیک، ٢١٧-٢٢٠.

**دووەم: بۆ زمانی ئینگلیزی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

**پاشناو، ناوی یەکەمی نووسەری بەشەکە (ساڵی بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکە) ناونیشانی بەشەکە. پاشناو، ناوی یەکەمی پێداچووەوە/ پێداچوەوانی پەرتووکەکە.(ئید، ئیدس). *ناونیشانی پەرتووک(بەلاری).* ژمارەی چاپ، شوێنی بڵاوکردنەوە، ناوی دەزگای بڵاوکردنەوە، لاپەڕەکان.**

**Example**: Luqman Sulaiman Mahmood (2017) The Culture of Yezidis. Toperich, Sasha, Ivanovic, Tea and Zagros, Nahro.(Editors). *Iraqi Kurdistan Region: A Path Forward.* Washington, DC: Center for Transatlantic Relations, 217-220.

٣. پەرتووکی ئەلیکترۆنی:

**یەکەم: بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

**ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەر (ساڵی بڵاوکردنەوەی پەرتووک) *ناونیشانی پەرتووک (بەلاری).* {ئۆنلاین}. ژمارەی چاپ، شوێنی بڵاوکردنەوە، ناوی دەزگای بڵاوکردنەوە. دەربڕینی ڕێکەوتی دوا سەردانی ئەم پەرتووکە ڕێکەوت و ڕۆژی و مانگ و ساڵ لە: لینکی ئەو شوێنەی کە پەرتووکەکەت لێ خوێندۆتەوە.**

نمونە: ستار باقی کەریم (٢٠٠٤) *کۆمەڵناسی*. {ئۆنلاین}. چاپی یەکەم، هەولێر، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما. ڕێکەوتی دوا سەردانی ئەم پەرتووکە ٣ ئازاری ٢٠٢٢ لە: http://www.pertwk.com/pdf/komellnasi.pdf

**دووەم: بۆ زمانی ئینگلیزی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

**پاشناو، ناوی یەکەمی نووسەر (ساڵی بڵاوکردنەوەی پەرتووک) *ناونیشانی پەرتووک (بەلاری).* {ئۆنلاین}. ژمارەی چاپ، شوێنی بڵاوکردنەوە، ناوی دەزگای بڵاوکردنەوە. دەربڕینی ڕێکەوتی دوا سەردانی ئەم پەرتووکە ڕێکەوت و ڕۆژی و مانگ و ساڵ لە: لینکی ئەو شوێنەی کە پەرتووکەکەت لێ خوێندۆتەوە.**

Example: Tight, Malcolm (2012) *Researching Higher Education.*{Online}. 2 Ed, UK, McGraw-Hill Education. Last Accessed 26 May 2022 at: https://bit.ly/3OjXNfM

٤. بەشێک لە پەرتووک بە شێوەی ئەلیکترۆنی:

**یەکەم: بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

**ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەری بەشەکە (ساڵی بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکە) ناونیشانی بەشەکە.{ئۆنلاین}. ناوی تەواو یاخود نازناوی ئیدیتەر/ ئیدیتەرانی پەرتووکەکە.(ئید، ئیدس). *ناونیشانی پەرتووک(بەلاری).* ژمارەی چاپ، شوێنی بڵاوکردنەوە، ناوی دەزگای بڵاوکردنەوە، لاپەڕەکان. ڕێکەوتی دوا سەردانی ئەم پەرتووکە ڕێکەوت و ڕۆژی و مانگ و ساڵ لە: لینکی ئەو شوێنەی کە پەرتووکەکەت لێ خوێندۆتەوە.**

نمونە: لوقمان سلێمان مەحمود (٢٠١٧) کولتووری ئێزیدیەکان.{ئۆنلاین}. لە ساشا تۆپێریچ، تیا ئیڤانۆڤیچ و نەهرۆ زاگرۆس.(ئیدس). *کوردستانی عیراق: ڕێگایەک بۆ پێشەوە.* واشنتۆن، دی سی: ناوەندی پەیوەندیەکانی ترانس ئەتلانتیک، ٢١٧-٢٢٠. ڕێکەوتی دوا سەردانی ئەم پەرتووکە ٢١ ئازاری ٢٠٢٢ لە: https://archive.transatlanticrelations.org/wp-content/uploads/2017/08/Kurdistan-Book.pdf

**دووەم: بۆ زمانی ئینگلیزی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

**پاشناو، ناوی یەکەمی نووسەری بەشەکە (ساڵی بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکە) ناونیشانی بەشەکە.{ئۆنلاین}. پاشناو، ناوی یەکەمی ئیدیتەر/ ئیدیتەرانی پەرتووکەکە.(ئید، ئیدس). *ناونیشانی پەرتووک(بەلاری).* ژمارەی چاپ، شوێنی بڵاوکردنەوە، ناوی دەزگای بڵاوکردنەوە، لاپەڕەکان. دەربڕینی ڕێکەوتی دوا سەردانی ئەم پەرتووکە ڕێکەوت و ڕۆژی و مانگ و ساڵ لە: لینکی ئەو شوێنەی کە پەرتووکەکەت لێ خوێندۆتەوە.**

Example: Luqman Sulaiman Mahmood (2017) The Culture of Yezidis.{Online}. Toperich, Sasha, Ivanovic, Tea and Zagros, Nahro.(Editors). *Iraqi Kurdistan Region:*

*A Path Forward*. Washington, DC: Center for Transatlantic Relations, 217-220. Last Accessed 21 March 2022 at:https://archive.transatlanticrelations.org/wp-content/uploads/2017/08/Kurdistan-Book.pdf

❖ ئەگەر پەرتووکەکە وەرگێردرابوو، ئەوا بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ دەکرێ:

یەکەم: بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:

**ناوی تەواو یاخود نازناوی نوسەر (ساڵی بڵاوکردنەوەی پەرتووک) *ناونیشانی پەرتووک (بەلاری)*. ناوی وەرگێر، ژمارەی چاپ، شوێنی بڵاوکردنەوە، ناوی دەزگای بڵاوکردنەوە.**

❖ **بۆ پەرتووکی ئەلیکترۆنیش: ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەر (ساڵی بڵاوکردنەوەی پەرتووک) *ناونیشانی پەرتووک (بەلاری)* ناوی تەواو یاخود نازناوی وەرگێر. {ئۆنلاین} ژمارەی چاپ، شوێنی بڵاوکردنەوە، ناوی دەزگای بڵاوکردنەوە. دەربڕینی ڕێکەوتی دوا سەردانی ئەم پەرتووکە ڕێکەوت و ڕۆژی و مانگ و ساڵ لە: لینکی ئەو شوێنەی کە پەرتووکەکەت لێ خوێندۆتەوە.**

نمونە: سڤێن- ئیرک لیدمان (١٩٩٧) ڕێگوزەری بیری سیاسی. و: ئاسۆس کەمال، چاپی یەکەم، ستۆکهۆلم، دەزگای ئاپێک.

دووەم: بۆ زمانی ئینگلیزی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:

**پاشناو، ناوی یەکەمی نوسەر (ساڵی بڵاوکردنەوەی پەرتووک) *ناونیشانی پەرتووک (بەلاری)*. ناوی وەرگێر، ژمارەی چاپ، شوێنی بڵاوکردنەوە، ناوی دەزگای بڵاوکردنەوە.**

❖ **بۆ پەرتووکی ئەلیکترۆنیش: پاشناو، ناوی یەکەمی نووسەر (ساڵی بڵاوکردنەوەی پەرتووک) *ناونیشانی پەرتووک (بەلاری)* ناوی وەرگێر. {ئۆنلاین} ژمارەی چاپ، شوێنی بڵاوکردنەوە، ناوی دەزگای بڵاوکردنەوە. دواجار بینینی ئەم پەرتووکە ڕێکەوت و ڕۆژی و مانگ و ساڵ لە: لینکی ئەو شوێنەی کە پەرتووکەکەت لێ خوێندۆتەوە.**

٥. گۆڤار:

یەکەم: بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:

**ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەر (ساڵی بڵاوکردنەوەی گۆڤار) ناونیشانی نووسینەکە. *ناوی گۆڤار (بە لاری)*، قەبارە (ژمارەی دەرچوون)، ژمارەی لاپەڕەکان.**

نمونە: جوان نوری ڕەسول (٢٠٢١) قەیرانی ناسنامە و پەیوەندی بە خەمۆکی لای هەرزەکاران. *گۆڤاری توێژەر*، ٤(١)، ٦٢٩-٦٩١.

دووەم: بۆ زمانی ئینگلیزی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:

**پاشناو، ناوی یەکەمی نووسەر (ساڵی بڵاوکردنەوەی گۆڤار) ناونیشانی نووسینەکە. *ناوی گۆڤار (بە لاری)*، قەبارە (ژمارەی دەرچوون)، ژمارەی لاپەڕەکان.**

Example: CAMERON, Roslyn (2011). Mixed Methods in Business and Management: A Call to the 'First Generation'. *Journal of Management and Organization*, 17(2), 245–267.

٦. گۆڤاری ئەلیکترۆنی:

**یەکەم: بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

**ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەر (ساڵی بڵاوکردنەوەی گۆڤارە ئەلیکترۆنیەکان) ناونیشانی نووسینەکە. {ئۆنلاین}. *ناوی گۆڤار (بەلاری)*، قەبارە (ژمارەی دەرچوون)، ژمارەی لاپەڕەکان. دوایین جاری بینینی گۆڤارەکە بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ لە لینکی ئەو شوێنەی کە گۆڤارەکەت لێ خوێندۆتەوە.**

نمونە: سەروەر عبدولرحمن عومەر، و بەشدار عومەر ڕەفیق (٢٠١٥) ڕۆڵی ژنی کورد لە ڕووداوە سیاسی و جەماوەرییەکانی باشوری کوردستاندا. {ئۆنلاین}. *گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین*،٢(٣)،٢١٣-٢٣٤. ڕێکەوتی دوا سەردانی ٣ ئازاری ٢٠٢٢ لە: https://ojournal.uor.edu.krd/ArchivedIssues03/kurd/10.pdf

**یەکەم: بۆ زمانی ئینگلیزی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

**پاشناو، ناوی یەکەمی نووسەر (ساڵی بڵاوکردنەوەی گۆڤارە ئەلیکترۆنیەکان) ناونیشانی نووسینەکە. {ئۆنلاین}. *ناوی گۆڤار (بەلاری)*، قەبارە (ژمارەی دەرچوون)، ژمارەی لاپەڕەکان. دوایین جار بینینی گۆڤارەکە بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ لە لینکی ئەو شوێنەی کە گۆڤارەکەت لێ خوێندۆتەوە.**

Example: Bencsik,A., Horváth-Csikós, G. and Juhász, T., (2016). Y and Z Generations at Work Places. {Online}. *Journal of Competitiveness*, *8* (3), 90-106. Last Accessed 3 March 2022 at: https://www.cjournal.cz/files/227.pdf

٧. بۆ ڕۆژنامەکان:

**یەکەم: بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

**ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەر (ساڵی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە) ناونیشانی نووسین. *ناوی ڕۆژنامەکە (بەلاری)*، ڕێکەوتی دەرچوون بە ڕۆژ و مانگ، لاپەڕەکانی.**

نمونە: پەرێز ناسر (٢٠١٥) لە جیابوونەوەی خێزان ژنان قوربانی یەکەمن. *ڕۆژنامەی ئاوێنە*،٢٧ تشرینی یەکەم، لاپەڕە ٩.

**دووەم: بۆ زمانی ئینگلیزی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

**پاشناو، ناوی یەکەمی نووسەر (ساڵی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە) ناونیشانی نووسین. *ناوی ڕۆژنامەکە (بەلاری)*، ڕێکەوتی دەرچوون بە ڕۆژ و مانگ، لاپەڕە یاخود لاپەڕەکان.**

Example: Prince, Rose (2010) Why Food is costing us the Earth. *The Times*, 30th August, p.18.

٨. بۆ ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی:

**یەکەم: بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

**ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەر (ساڵی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە) ناونیشانی نووسین. {ئۆنلاین}. *ناوی ڕۆژنامە (بەلاری)*، دوایین جار کە سەردانی ڕۆژنامەکەت کردوە بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ لە لینکی نووسینەکە لە ڕۆژنامەکە.**

نمونە: ئاراز محمد (٢٠١٥) ڕۆمانێک لە بارەی کارەساتی شەنگال.{ئۆنلاین}. *ڕۆژنامەی ئاوێنە*،٢٢ تشرینی یەکەم، ٢٠٢١ لە: http://issuu.com/awene/docs/151010125124-39a34c9e23b846c390cbb33374b671f3/16?e=3655901/30620534

**دووەم: بۆ زمانی ئینگلیزی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

**پاشناو، ناوی یەکەمی نووسەر (ساڵی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە) ناونیشانی نووسین. {ئۆنلاین}. *ناوی ڕۆژنامە (بەلاری)*، دوایین جار کە سەردانی ڕۆژنامەکەت کردوە بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ لە لینکی نووسینەکە لە ڕۆژنامەکە.**

Example: Lockett, Hudson (2022) Russia heads for default as bond payment deadline passes. {Online}.*Irish Times*, Last Accessed 27 June 2022 at: Russia heads for default as bond payment deadline passes – The Irish Times

٩. پەیجی ئۆنلاین:

**یەکەم: بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

**ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەر (ساڵی بڵاوکردنەوەی نووسینەکە) *ناونیشانی نووسینەکە (بەلاری)*. {ئۆنلاین}. دواجار بینین بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ لە: لینکی ئەو شوێنەی کە نووسینەکەی لێ بینیوە.**

نمونە: عبدالرحمن کریم درویش (٢٠٢٢) *جەژنی نەورۆز خوێندنەوەیەکی شیکاری سیاسی*. {ئۆنلاین}. ڕێکەوتی دوا سەردان ١٦ نیسانی ٢٠٢٢ لە https://www.soran.edu.iq/ku/speech/4236-soran-university-national-nowruz-celebration-kurdistan-world-politic-speech.html

**دووەم: بۆ زمانی ئینگلیزی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

**پاشناو، ناوی یەکەمی نووسەر (ساڵی بڵاوکردنەوەی نووسینەکە) *ناونیشانی نووسینەکە (بەلاری)*. {ئۆنلاین}. دواجار بینین بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ لە: لینکی ئەو شوێنەی کە نووسینەکەی لێ بینیوە.**

Example: Kelly, Mary (2004) *Environmental attitudes and behaviours: Ireland in comparative European perspective*.{Online}. Last Accessed 28 June 2022 at: https://www.ucd.ie/environ/home.htm

**تێبینی// هەندێک جار پەیجی ئۆنلاین ناوی نوسەر یان نووسەرانی نەداوە، دەتوانی لە شوێنی ناوی تەواوی نووسەر یاخود نووسەران بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی، هەروەها بۆ زمانی ئینگلیزیش لە شوێنی پاشناو ناوی یەکەمی نوسەر، ناوی پەیجەکە یاخود دامەزراوەکە .... هتد بنووسرێت.**

نمونە: وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی (٢٠٠٩) *نەخشەرێگایەک بەرەو کواڵیتی -ڕاپۆرتی وەزارەت.*{ئۆنلاین}. ڕێکەوتی دوا سەردان ٥ نیسانی ٢٠٢١ لە: http://www.mhe-krg.org/index.php?q=ku/node/608

١٠. کۆنفرانس پەیپەر:

**یەکەم: بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

**ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەری کۆنفرانس پەیپەرەکە (ساڵی بڵاوکردنەوەی پەیپەرە) ناونیشانی پەیپەرەکە، *ناونیشانی کۆنفرانس (بەلاری)*. شوێنی کۆنفرانس، ڕێکەوتی کۆنفرانس. شوێنی بڵاوکردنەوە، دەزگای بڵاوکردنەوە، لاپەڕە.**

**نمونە: سەعدی هەروتی (٢٠١٧) پەیوەندی نێوان میرنیشینی سۆران و دەوڵەتی عوسمانی لەسەدەی شازدەمدا، *پرۆسیدنگی یەکەمین کۆنفراسنی نێودەوڵەتی(رواندز و پێگەیێکی ژیاری بە دەوڵەتبوون لە مێژووی کوردا).* رواندز، ١٩-٢٠ ئایاری ٢٠١٦. سۆران، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری هەندرێن بۆ زمان و توێژینەوەی کولتووری/ زانکۆی سۆران،١٢-٣٧.**

**دووەم: بۆ زمانی ئینگلیزی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

پاشناو، ناوی یەکەمی نووسەری کۆنفرانس پەیپەرەکە (ساڵی بڵاوکردنەوەی پەیپەرە) ناونیشانی پەیپەرەکە، لە *ناونیشانی کۆنفرانس (بەلاری)*. شوێنی کۆنفرانس، ڕێکەوتی کۆنفرانس. شوێنی بڵاوکردنەوە، دەزگای بڵاوکردنەوە، لاپەڕە.

Example: O'Connor, J (2009) Towards a Greener Ireland, Discovering our Natural Sustainable Resources: Future Proofing. University College Dublin, 15 – 16 March. Dublin: Irish Environmental Institute, pp. 65 – 69.

**تێبینی//**

**یەکەم: ئەگەر کۆنفرانس پەیپەر بە شێوەی ئۆنلاین:** بە هەمان شێوەی کۆنفرانس پەیپەری بەردەستە بە شێوەی فیزیکی، تەنها {ئۆنلاین}. دواجار بینیین بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ لە: لینکی ئەو شوێنەی کە نووسینەکەی لێ بینیوە بۆی زیاد دەکرێت وەک:

**ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەر بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی هەروەها بۆ ئینگلیزی پاشناو، ناوی یەکەمی نووسەری کۆنفرانس پەیپەرەکە دەنووسرێت (ساڵی بڵاوکردنەوەی پەیپەرە) ناونیشانی پەیپەر، لە *ناونیشانی کۆنفرانس (بەلاری)*. شوێنی کۆنفرانس، ڕێکەوتی کۆنفرانس. شوێنی بڵاوکردنەوە، دەزگای بڵاوکردنەوە، لاپەڕە.{ئۆنلاین}. دواجار بینیین بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ لە: لینکی ئەو شوێنەی کە نووسینەکەی لێ بینیوە.**

**دووەم: ئەگەر کۆنفرانس پەیپەر بڵاونەکرێتەوە:** ناوی تەواو **یاخود نازناوی** نووسەر بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی هەروەها بۆ ئینگلیزی پاشناو، ناوی یەکەمی نووسەری کۆنفرانس پەیپەرەکە دەنووسرێت (ساڵی پێشکەشکردنی پەیپەرە) ناونیشانی پەیپەر، *ناونیشانی کۆنفرانس (بەلاری)*. شوێنی کۆنفرانس، ڕێکەوتی کۆنفرانس.

١١. ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا:

**یەکەم: بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

**ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەری نامە یاخود تێزی ئەکادیمی (ساڵ) *ناونیشانی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا (بەلاری)*. جۆری نامە یاخود تێزەکە. ناوی ئەو زانکۆیەی لێی ئەنجام دراوە.**

نموونە: شێرزاد سعید صدیق (٢٠١٣) ڕستە بەپێی ڕێزمانی *لێکسیکیی ئەرکی لە زمانی کوردی و فارسیدا*. تێزی دکتۆرا. زانکۆی سۆران.

**دووەم: بۆ زمانی ئینگلیزی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

**پاشناو، ناوی یەکەمی نووسەری ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا (ساڵ) *ناونیشانی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا (بەلاری)*. جۆری ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا. ناوی ئەو زانکۆیەی لێی ئەنجام دراوە.**

Example: Farrant, K. (2004) *Improving the Provision for Refugee Children within a Mainstream First School*. Thesis (MA). University of Hertfordshire.

**تێبینی// نامە و تێزی ئەکادیمی بە شێوەی ئۆنلاین:** بە هەمان شێوەی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا بەردەستە بە شێوەی فیزیکی، تەنها {ئۆنلاین}. دواجار بینین بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ لە: لینکی ئەو شوێنەی، کە نووسینەکەی لێ بینیوە بۆی زیاد دەکرێت وەک:

**ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەر بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی هەروەها بۆ ئینگلیزی پاشناو، ناوی یەکەمی نووسەری ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا (ساڵ) ناونیشانی ماستەرنامە یاخود تێزی دکتۆرا (بەلاری). جۆری نامە یاخود تێزەکە. ناوی ئەو زانکۆیەی لێی ئەنجام دراوە.{ئۆنلاین}. دواجار بینین بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ لە: لینکی ئەو شوێنەی کە نووسینەکەی لێ بینیوە.**

١٢. بڵاوکراوەکانی حکومەت و یاساکانی پەرلەمان:

**بۆ زمانی کوردی، عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

ناونیشانی یاسا کە خۆی ژمارەی ساڵ و بەش دەگرێتەوە (بەلاری).{ئۆنلاین}. دواجار بینین بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ لە: لینکی ئەو شوێنەی کە نووسینەکەی لێ بینیوە.

نموونە: *یاسای مادەی دەروونی ٢٠١٦، ج ٢.* {ئۆنلاین}. ڕێکەوتی دوا سەردان ١٦ ئاداری ٢٠٢٢ لە:
https://www.legislation.gov.uk/ukpga/2016/2/contents/enacted

١٣. وێنە و شێوە:

**یەکەم: بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

**ناوی تەواو یاخود نازناوی هونەرمەند یاخود وێنە کێش(ساڵ) ناونیشانی وێنە یاخود شێوە.{ئۆنلاین}. دواجار بینین بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ لە: لینکی ئەو شوێنەی کە نووسینەکەی لێ بینیوە.**

نمونە: هۆراس نیکۆلس (١٩١٩) ئامادەکارییەکان بۆ ئاهەنگەکانی ڕۆژی ئاشتی. {ئۆنلاین}. ڕێکەوتی دوا سەردان ٢١ ئاداری ٢٠٢٢ لە: https://www.iwm.org.uk/collections/item/object/205297061

**دووەم: بۆ زمانی ئینگلیزی پێویستە بەو شێوەی خوارەوە بێت:**

پاشناو، ناوی یەکەمی هونەرمەند یاخود وێنە کێش(ساڵ) ناونیشانی وێنە یاخود شێوە.{ئۆنلاین}. دواجار بینین بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ لە: لینکی ئەو شوێنەی کە نووسینەکەی لێ بینیوە.

Example: Horace, Nicholls (1919) Preparations for the Peace Day Celebrations.

{Online}. Last Accessed 21 March 2022 at:

https://www.iwm.org.uk/collections/item/object/205297061

١٤. بەرنامە تۆمارکراوە ئۆنلاینەکانی تەلەفزیۆن، ڕادیۆ و فیلمەکان:

**بۆ بەرنامە تۆمارکراوە ئۆنلاینەکانی تەلەفزیۆن، ڕادیۆ و فیلمەکان بۆ زمانی کوردی، عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی پێویستە ئاماژە بەم زانیاریانە بدرێت لە نێو لیستی سەرچاوەکان: تایتلی پرۆگرامەکە، تایتلی بەشەکە ئەگەر هەبێت، ساڵی پەخشکردن. {ئۆنلاین} ناوی کەناڵەکە، ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە، شوێن، ڕێکەوتی سەردانکردن، لینکی پرۆگرامەکە.**

## دووەم: ئاماژەدان بە سەرچاوە لە ناو تێکست Citing Sources in Text

چۆنیەتیی وەرگرتن و بەکارهێنانی سەرچاوە و بەڵگەهێنانەوە و ئاماژەدان بە کار، ئایدیا و نووسینی کەسێک یان چەند کەسێک لەخۆدەرێت لە نێو تێکستی توێژینەوەکە. بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە لە پاڵ بەڵگەهێنانەوەکە و بەکارهێنانی ئایدیا و کاری نووسەرێک ئاماژە بە(ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەر، ساڵ: لاپەڕە ئەگەر هەبوو) بدرێت ئەمە لە زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی، بەڵام بۆ زمانی ئینگلیزی ئاماژە بە (پاشناو، ساڵ: لاپەڕە ئەگەر هەبوو) بدرێت بەم شێوەی خوارەوە:

**بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی پێویستە بەو شێوەیە بنووسرێت:** لە توێژینەوەیەکدا ئەمە خراوەتەڕوو. کە....... (ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەر، ساڵ: لاپەڕە ئەگەر هەبوو).

***یاخود* دەتوانین بەم شێوەیە بنووسرێت:** ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەر (ساڵ: لاپەڕە ئەگەر هەبوو) لە توێژینەوەکەیدا ئەوەی خستۆتە ڕوو کە.......

نمونە: کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی تر کولتووری تایبەت بە خۆی هەیە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو کولتوورە بریتییە لە کولتووری خێڵەکیی، کە تایبەتمەندی ئەو کولتوورەش ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو پێکهاتە و دامەزراوەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە هەبووە (حسێن تاهیری، ٢٠٠٧: ٢٦-٢٨).

## یاخود

نموونە: حسێن تاهیری(٢٠٠٧: ٢٦-٢٨) وای دەبینێت کە کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی تر کولتووری تایبەت بە خۆی هەیە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو کولتوورە بریتییە لە کولتووری خێڵەکیی، کە تایبەتمەندی ئەو کولتوورەش ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو پێکهاتە و دامەزراوەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە هەبووە

**بەڵام بۆ زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیە: لە توێژینەوەیەکدا ئەمە خراوەتە ڕوو کە.......** (پاشناو، ساڵ: لاپەڕە ئەگەر هەبوو)

Example: One possible definition of primary research is….(Mehra, 2009)

Or

Example: Mehra (2009) stated that…..

## چەند تێبینێک لەسەر ئاماژەدان بە سەرچاوە لە ناو تێکست و لیستی سەرچاوەکان

١. ئەگەر لاپەڕەی نەبوو، ئەوا بۆ زمانی کوردی، عەرەبی، فارسی تەنها ئاماژە بە (ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەر، ساڵ) دەکرێت. بۆ زمانی ئینگلیزی تەنها ئاماژە بە (پاشناو، ساڵ) دەکرێت.

٢. ئەگەر سەرچاوەکە دوو یاخود سێ نوسەری هەبوو، پێویستە لەنێو تێکستەکە بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی ئاماژە بە ناوی تەواو یاخود نازناوی هەموویان بدرێت لەگەڵ ساڵی بڵاوکردنەوە و ئەگەر لاپەڕەش هەبوو ئاماژە بە لاپەڕەش بدەیت بەم شێوەیە:
**ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەری یەکەم، ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەری دووەم و ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەری سێیەم (ساڵ: لاپەڕە).**
نموونە: شێرزاد ئازاد سوڵتان، عبدالحمید بەرزنجی و ئەحمەد محەمەدپوور (٢٠١٩: ١٩٦) لە توێژینەوەکەیان ئەوەیان خستۆتە ڕوو کە.....

**بەڵام بۆ زمانی ئینگلیزی پێویستە ئاماژە بە پاشناوی هەموویان بدەی لەگەڵ ساڵی بڵاوکردنەوەی نووسینەکە و لاپەڕە بەم شێوەیە: (پاشناوی نووسەری ١، پاشناوی نوسەری ٢ و پاشناوی نوسەری ٣، ساڵ).**

Example: Optical network is defined as…. (Ramaswami, Sivarajan and Galen, 2010).

٣. بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی ئەگەر سەرچاوەکە زیاد لە سێ نوسەری هەبوو، پێویستە تەنها ئاماژە بە ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەری یەکەم بدرێت دواتر بنووسرێت هاوکارانی لەگەڵ ساڵی بڵاوکردنەوەی نووسینەکە دواتر لاپەڕە ئەگەر هەبوو بەم شێوەیە:

**ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەری یەکەم و هاوکارانی (ساڵ: لاپەڕە ئەگەر هەبوو) ئەوەیان خستۆتە ڕوو کە...**

نمونە: کەمال ئەحمەد و هاوکارانی(٢٠١٥: ٢٢) ئەوەیان خستۆتە ڕوو کە.........

بەڵام بۆ زمانی ئینگلیزی بەم شێوەی خوارەوە:

پاشناوی یەکەم نوسەر لەگەڵ ساڵی بڵاوکردنەوەی نووسینەکە و لاپەڕە ئەگەر هەبوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

**پاشناوی نوسەری یەکەم و هاوکارانی( ساڵ: لاپەڕە ئەگەر هەبوو) ئەوەیان خستۆتە ڕوو کە .......**

Example: The fundamental difference between ….. (Eide et al., 2006).

٤. ئەگەر هەمان سەرچاوە دووبارە بەکارهێنرا لە هەمان تێکست بەو مەرجەی هیچ سەرچاوەییەکی تر نەکەوێتە نێوانیان ئەوا بەم شێوەیە ئاماژەی پێدەدرێ.

نمونە: کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی تر کولتووری تایبەت بە خۆی هەیە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو کولتوورە بریتییە لە کولتووری خێڵەکیی، کە تایبەتمەندی ئەو کولتوورەش ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو پێکهاتە و دامەزراوەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە هەبووە (حسێن تاهیری، ٢٠٠٧: ٢٦-٢٨).

بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی گەلی کورد لە باشوری کوردستان لە بەهاری ١٩٩١، ئەم کولتورە وردە وردە بەرەو کاڵبوونەوە هەنگاوی ناوە (هەمان سەرچاوە:٥٥ ).

٥. هەندێک سەرچاوە نووسەری دیاریکراویان نیە، وەک ئەو نووسینانەی کە زۆرجار دامەزراوە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن یاخود پەیجێکی ئەلیکترۆنی بڵاودەکەنەوە، لەم دۆخەدە ئاماژە بە دامەزراوەکە، کەناڵەکە یاخود پەیجەکە دەدەین لەگەڵ ساڵی بڵاوکردنەوە.

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی (٢٠٠٩) ئاماژەی داوە بەوەی کە............

نمونە: وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی(٢٠٠٩) ئاماژەی داوە بەوەی کە لەمەدوا چاو بە هەموو لایەنێک و کەلەبەرێکی خوێندنی باڵا بخشێنێتەوە بە جۆرێک کە هیچ یاسا و ڕێنمایی و هەیکەلێکی ئیداری لە تەواوی سیستەمدا بە پیرۆز و نەگۆر سەیر نەکرێ بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەموویان ببنە نیشانە بۆ ڕەخنەلێگرتن و چاوخشاندنەوە و گۆرانکاری، تەنانەت کار و وەزیفەکانی خودی وەزارەت دەبێ مایەی چاوخشاندنەوە بن.

٦. ئەگەر ئەو نووسینەی کە وەرتگرتووە کۆپی پێست بوو لە شێوەی بەکارهێنانی سەرچاوە لە ناو نووسینەکەت هەمان ئەو خاڵانەی کە باسمانکرد لە سەرەوە لەسەری جێبەجێ دەکرێت و ئەوەی کە بۆی زیاد دەکرێت، ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ دەخرێتە ناو دوو کۆتەیشن " ". بۆ ئەوەی جیابکرێتەوە و بزاندرێت کە ئەمە کۆپی پێستە لە ناو نووسینەکەت.

نموونە: مەنوچێهر موحسنی (٢٠٠٢: ٢٢) پێی وایە کە" گۆران لە بەشێکی کولتوور وەک سەرهەڵدانی شتێکی نوێ یان جیاواز، دەبێتە هۆی دروستبوونی گۆرانکاری، ململانێ و گوشار لەناو بەشەکانی تری کۆمەڵگەدا".

٧. ئەگەر زانیارییەکە هی سەرچاوەیەک بوو تۆ لەبەردەستت نەبوو بە شێوەی هاردکۆپی یاخود بەشێوەی ئۆنلاین، بەڵکو لە سەرچاوەیەکی ترت وەرگرتبوو ئەوا لەو حاڵەتەدا پێویستی بەو شێوەیە ئاماژەی پێبدەی: ( **بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەری ئەو سەرچاوەی کە لەبەردەستە بە شێوەی هاردکۆپی یاخود ئۆنلاین، ساڵ: لاپەڕە ئەگەر هەبوو دواتر بنووسی وەریگرتووە لە ناوی تەواوی نووسەری ئەو سەرچاوەی کە نەتبینیوە، ساڵ: لاپەڕە ئەگەر هەبوو).**

نموونە: لە توێژینەوەیەکدا ئەوە خراوەتە ڕوو کە........(شوکری ئەحمەد مەحەمەد، ٢٠٢١:١٢٣ وەریگرتووە لە ژیان عبدولا محەمەد، ٢٠١٤: ٢٤).

بەڵام بۆ زمانی ئینگلیزی **(پاشناوی نووسەری ئەو سەرچاوەی کە لەبەردەستە بە شێوەی هاردکۆپی یاخود ئۆنلاین، ساڵ: لاپەڕە ئەگەر هەبوو دواتر بنووسی وەریگرتووە لە پاشناوی نووسەری ئەو سەرچاوەی کە نەتبینیوە، ساڵ: لاپەڕە ئەگەر هەبوو).**

Example: In recent research mentioned........(As Mohammad, 2021:79 cited in Tan, 2005:320).

٨. ئەگەر زیاد لە چەند سەرچاوەیەک ئاماژەیان بۆ هەمان ئایدیا کردبوو، ئەوا بە کۆمای خاڵدار(؛) سەرچاوەکان جیادەکرێنەوە، هەروەها بەم شێوەیە لە نێو تێکستەکەتدا ئاماژەیان بۆ دەکەین:

بۆ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی **(ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەری سەرچاوەی یەکەم؛ ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەری سەرچاوەی دووەم؛ ناوی تەواو یاخود نازناوی نووسەری سەرچاوەی سێیەم).**

**نموونە: لە هەندێک توێژینەوە ئاماژە بەوە دراوە کە........(احمد محمد، ٢٠١٥؛ حەسەن عەبدولا،٢٠١٤؛ کەماڵ ئەحمەد، ٢٠١٩).**

بەڵام بۆ زمانی ئینگلیزی **(پاشناوی نووسەری سەرچاوەی یەکەم؛ پاشناوی نووسەری سەرچاوەی دووەم؛ پاشناوی نووسەری سەرچاوەی سێیەم)**

Example: In some studies it has been noted that ……(Joseph, 2012; Kumir, 2011; Hassan, 1998).

٩. هەندێ جار ناوی دەزگای بڵاوکردنەوە و هەندێ جار ناوی چاپخانە لەسەر بڵاوکراوەکان دەنووسرێت. بۆیە ئەگەر پێویستە لە لیستی سەرچاوەکان ناوی دەزگای بڵاوکردنەوە بنوسرێت، نەوەک ناوی چاپخانە، لە ئەگەری نەبوونی ناوی دەزگای بڵاوکردنەوە ئەوە گونجاوە ناوی چاپخانە بنوسرێت.

١٠. ئەو سەرچاوانەی بە شێوەی (پی دی ئێف وەک پەرتووک، گۆڤار، ڕۆژنامە و...تاد لەگەڵ بەرنامەی ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و فلیم، وێنە، شێوە و ...تاد) کە بەشێوەی داونلۆد لە بەردەستن، وەک سەرچاوەی فیزیکی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. بە پێچەوانەوە ئەگەر سەرچاوەکان داونلۆد نەبووبن، بەڵکو بە شێوەی ئۆنلاین سەیرتکردوون ئەوا بە شێوەی ئۆنلاین مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت بۆ نووسینی سەرچاوە لە لیستی سەرچاوەکان.

١١. ئەگەر نووسەرێک دوو بڵاوکراوەی هەبوو لە هەمان ساڵ ئەوا پێویستە لە دوای ساڵی بڵاوکردنەوە پیتێکی بۆ دابنێی چ لە ناو تێکستی نووسین چ لە لیستی سەرچاوە بۆ ئەوەی جیا بکرێنەوە. بۆ نمونە لە ناو تێکست پێویستە بەو شێوەیە بێت: (Branford and Coutts (2015a, 2015b ئەوەیان خستۆتە ڕوو کە...

هەروەها لە لیستی سەرچاوەکانیش بەو شێوەیە بێت:

Branford, A. and Coutts, L. (2015a) *The Precious Ring*. Walker Books Australia, Newtown, NSW.

Branford, A. and Coutts, L. ( 2015b) *The Wishing Seed*. Walker Books Australia, Newtown, NSW.

## ٥. پاشکۆکان:

سەبارەت بە پاشکۆکان( ئەگەر هەبوو) ئەگەر توێژەر هەر پاشکۆیەکی پێویستی بۆ توێژینەوەکەی هەبوو ئەوا پاش تەواوبوونی ناواخنی توێژینەوەکەی، پاش کۆتایهاتنی دەرەنجامی توێژینەوەکە پاشکۆکان دادەنێت.

زانکۆی سۆران
SORAN
UNIVERSITY

# TWEJER JOURNAL GUIDELINE

## FOR WRITING RESEARCH IN TWEJER JOURNAL

PRESIDENCY OF SORAN UNIVERSITY

TWEJER JURNAL

2022 - 2023